# دەربارەی خەبات لەدژی دین

## چاوپیکەوتنی رادیۆ (انترناسیونال) لەگەڵ مەنسور حکمەت

گفتوگۆیەکی رادیۆییە لەسایتی مەنسور حکمەت
/http://hekmat.public-archive.net وە
محمد غفور وەریگێراوە 2005-08-04

**ئازەر ماجدی:** مەنسور حکمەت، تۆ بەشداری میزگەردیکی وەرزنامەی (پرسش)ت کردووە بەناوی (بالأکردن وئاوابوونی ئیسلامی سیاسی). مەسائلی زور هەیە لەم چاوپیکەوتنەدا کەپیمان باش بوو لەبارەیانەوە لەگەلتاندا گفتوگۆبکەین. بەهۆی کەمیی کاتەوە ئەمانەوێ لەبارەی چەند لایەنیکی ئەم مەسەلانەوە پرسیارت لیبکەین. یەکیك لەو مەسەلانە کەئیوە تەرحتانکردووە، ووتووتانە، کەسکۆلاریزم کۆمەلیك هەلومەرجی لانی کەمە. وەلەدریژەیدا دەلین، کەئیوە بەتەنها خوازیاری سکۆلاریزم نین، بەلکو لایەنگری خەباتیکی هوشیارانەی کۆمەلگان لەبەرامبەر دیندا. ئەمانەوێ بۆمان باسبکەن کەپیکهاتەکان وتایبەتمەندییەکانی ئەم خەباتە کامانەن؟

**مەنسور حکمەت:** کاتیك لەپەیوەند بەدین، وەبەتایبەتی دەربارەی ئیسلام لەم دەورەیەدا قسەدەکەین، دەبێ لەبەرچاومانبێ کەمەزهەب دیاردەیەکە ئەکرێ نیشانبدرێ، کەمایەی مەشەقات وکویرەوەرییە بۆ ئینسان. مایەی ئیستیبدادە، مایەی بێحورمەتییە. مایەی تەحقیری ئینسانەکانە. بەمپیّیە ئیمە لەگەڵ یەك دیاردە وەلەگەڵ یەك مەسەلە بەرەورووەبینەوە کەدەبێ لەسەر شانمان سووکیکەین. هەروەکو چۆن بۆ نموونە، ئیوە ئالوودەبوون بەماددەسرکەرەکان تەنها بەئەمر ومەسەلەی شەخصی ئینسان دانانین، وەهەولەدەن بۆئەوەی ئەم ئالوودەبوونە لەناوبچێ، تەنانەت ئەگەر ئینسانەکان ریگەیان پێبدرێ کەئەو مادانەش بەکاربهینن، هیشتا بەکەمیدەزانن وپیتانوایە دەبێ کاریك بکرێ ئەم عادەتە بەتەواوی بەسەرسەری خەلکەوە لابچێ. سەبارەت بەدینیش هەروایە. مەزهەبیش دیاردەیەکە، هەرچەند ئینسان ئازادە باوەری بەهەر

شتیك هەبێ، بەڵام باوەربوون بەم كۆمەلە لەمەسەلەی سیاسی وفكری ومەدەنی كەپێیدەووترێ دین ولەوانەش ئیسلام، هۆكاری بەدبەختی خەلك بووە. بەمپێیە وەكو هەر بەڵایەك ئیمە لەبەرامبەریدا خەباتدەكەین.

بەبروای من ئەمەی كەدین وەكو ئەمر ومەسەلەی ئینسانەكانی لیبكرێ هیشتا كەمە. واتە كۆمەلگا دەبێ كاریك بكات كەئیسلام لەناو بچێ. زۆر بەرۆشنی بابلیم، دەبێ كاریك بكەین كەئیسلام ئازادانە وبەشیوەیەكی ئیختیاریی لەلایەن خەلك خۆیەوە لەناوببرێ. بۆئەوەی خەلك چیتر ئەسیری دین نەبن، چیتر لەژیر كاریگەری مەزهەبدا نەمیننەوە، وەچیتر خەلك بەهۆیەوە سەركوتنەكرین و مەشەقەت نەكیشن ولەناو خورافاتدا پەلوپۆنەكوتن. ریگای لەناوبردنی دین كامەیە؟ پەروەردە وفیركردنی یەك دەولەتی ئازادە، كەدەرس و وانەی راستییە سیاسی وكۆمەڵایەتی ومەدەنی ومیژوویی وبیۆلۆژیكی وفیزیكی وسروشتییەكان بەهاووڵاتیانی خۆی فیردەكات. وەدەولەت كۆمەلە یاسایەكی مەدەنی دابریژێ بۆ پاریزگاری لەهاووڵاتیانی لەبەرامبەر دەستدریژی ناوەند وكاگەمەزهەبییەكان وپیشەسازی دیندا. بەبروای من دەبێ دین وەكو پیشەسازی تووتن تەماشابكرێ. هەروەكو چۆن هەركەس مەیلی خۆیەتی جگەرە بكیشێ، بەڵام دەبێ كۆمەلە یاسایەك هەبن هەتا دامەزراوەكانی تووتن نەتوانن ئالوودەبوونی خەلك بەجگەرەكیشانەوە خراپكەلكلیوەربگرن، ونەبنەهۆی لەرادەبەدەری نەخۆشی، وەدەستیان ئاوالەنەبێ كەمناڵان وتازەلاوان رابكیشنە ناو ئالوودەبوون بەجگەرەكیشانەوە. سەرەنجام سەبارەت بەدینیش دەبێ كۆمەلیك یاسای بەمجۆرە دابنرێ. واتە كۆمەلە یاسایەك كەریگانەدات پیشەسازی دینیی وەكو دوكانیكی مەزهەبی ژیانی خەلك خراپبكات. لەژیانی نەوەیەكدا ئەتوانرێ كاریك بكرێ كۆمەلگایەكی ئازادی وا بیتەئاراوە كەتیایدا دین وەكو نەخۆشی مەلاریا یاخود وەكو ئالوودەبوون بەمادەسركەرەكان ریشەكیشكرابێ.

**ئازەر ماجدی:** ئیوە سەبارەت بەسەنعەتە دینییەكان وپیشەسازی مەزهەب دووان، ودواتر چووانتان بەپیشەسازی تووتن. من ویستم بپرسم، مەبەستتان لەپیشەسازی دینیی وسەنعەتی مەزهەب چییە؟ئایا ئەمە تەنها گالتەیەكە كەدین وەكو پیشەسازی تووتن سەیردەكەن؟

**مەنسور حکمەت:** هەرگیز، هەرگیز، بەوجۆرەنییە. ئەلیم پیشەسازی، چونکە بریك کەس وابیردەکەنەوە کەدین عەقیدە وباوەری خەلکە. وانییە. ئایین پیشەسازییەکی تەواوە. خاوەنی هەیە، لەبەرژەوەندی ژمارەیەکدا ئەبیتەهۆی سەروەتی ماددی، وەدەسەلاتی سیاسی یەك تەیفی کۆمەلایەتی لەکۆمەلدا. لەخزمەتی یەك دەسەلاتداریتی سیاسیدایە لەکۆمەلگادا، واتە دەسەلاتداریتی چینایەتی ئەو کۆمەلگایە. مەزهەب پیشەسازییەکە. دەیان ملیارد دۆلار پارە تیایدا ئالوویر دەکرێ. پروپاگەندەی دینیی لەم پارەیە دابیندەکرێ. ئەم پارەیەش بەکلاولەسەرنان ولیسەندن و..تد، بۆ نموونە، لەئیران لەریگەی دەولەتەوە ئەم پارەیە لەگیرفانی خەلك دەردەهینرێ. یەك دام ودەزگای بلاوکردنەوەی درۆیە. درۆ بەسەر خەلکدا پەخشەکەنەوە. خەلك دەترسینن. لەم دنیایە بەتوندوتیژی خەلك دەترسینن،"لەودنیاش" بەسزادان. دین کتومت وەکو مافیا وایە. دامەزراوەی دینیی، چ مەسیحییەت، چ ئیسلام، چ یەهودییەت، یەك دامودەزگای گەورەی کۆمەلایەتین بەرلەوەی کۆمەلیك بیروباوەری فکری بن، کەلەسەر پێی خۆی وەستاوە وباج وەردەگرێ، پارەکۆدەکاتەوە، وەلەپیناوی مانەوەی خۆی وحاکمییەتی خۆیدا خەرجیدەکات. بەمپێیە پیشەسازییە دینییەکان دیاردەی زۆر زەبەللاحن لەجیهاندا. واتە پارەیەك کەبۆ ئیسلام یاخود بۆ کلیسای مەسیحییەت خەرجەکرێ، ئەگەر سەنجبدەنێ، بەراوردەکرێ بەگەورەترین کۆمپانیای نیونەتەوەیی. بەراورددەکرێ بەبودجەی کەلەکەکراوی سەربازیی دەیان وولات لەسەریەك. کەواتە مەزهەب دەبێ وەکو یەك پیشەسازی تەماشابکرێ، کەهووشیارانە خەریکی فرۆشتنی بەرووبوومەکەیەتی، وخەریکە بازاری تایبەتبەخۆی پەیدادەکات. وەتێدەکۆشێ بەکاربەر بەخۆی ئالوودەبکات. کەواتە ئەگەر کۆمەلگایەك دەخوازێ خۆی ئازادبکات، دەبێ بەمجۆرە بروانیتە دین، وبەرەورووشی ببیتەوە. نەك وابیربکاتەوە کەمەزهەب کۆمەلیك عەقیدە وباوەربوونە بەکەری دەجالْ وشیوەن بۆ کەربەلا! دین یەك پیشەسازی عەزیمی فرێدانی خورافە وتۆقاندنی خەلك وملکەچپیکردن وبەتەسلیمکیشانی خەلکە لەبەرامبەر دەسەلاتی چینایەتی زالْدا. وەئەگەر ئیوە کۆمەلگایەکی ئازادتان دەوێ، دەبێ پارە خەرجکەن، هیزتەرخانکەن، هیزی ئینسانیی ئامادەکەن، بۆئەوەی لەگەلْ ئەم دیاردەیەدا بەرەورووببنەوە. هەربەوجۆرەی کەبەرەورووی باندەکانی مادەبێهۆشکەرەکان دەبینەوە، یابەوشیوەیەی کەبەرەورووی کۆمپانیای (سوجو) دەبینەوە، کەدێن وخەلك دەدزن ودەفرینن ولەجیگای خۆیاندا ویرانەیەك بەجێدەهیلن، بەهەمانشیوەش دەبێ بەرەورووی پیشەسازی

دینیی ببینەوە. بێگومان باوەری هەرکەسیش بۆ کەسەکە خۆی بەریزە ودەبێ ریگابدرێ هەرکەسیك بەهەرشتیك دەیەوێ باوەر وعەقیدەی هەبێ، وئازادبێ. بەڵام ئەگەر لەسەر بنچینەی ئەم باوەرانەوە یەك دامودەزگای سیاسی وسەربازی وفەرهەنگی دابمەزرینرێ کەئامانجی بەستنەوە ولەقالبدانی خەلك بێ، ئیوە دەبێ بەهاوکاری خەلك، وەلەلایەن هاووڵاتیانی کۆمەلگاوە بەرامبەری بوەستنەوە.

**ئازەر ماجدی:** دواتر دیمەوەسەر ئەم خالەی کەلەدواییدا باستکرد. بەڵام بەرلەوە ویستم رای ئیوە بزانم. لەوانەیە بریك کەس جمهوری ئیسلامی وەکو یەك دەولەت کەبەتەواوی دینییە، یاخود تەنانەت ڤاتیکانیش واسەیرکەن کەتۆ دەیلییت. بەڵام ئایا دین ومەزهەب بۆنموونە لەئەوروپای رۆژئاواش کەلەبریك جیگایدا لەدەولەت جیایە ونەخشیکی ئەوتۆی نییە بەسەر ژیانی خەلکەوە، ئیوە هەربەوشیوەیە، واتە وەکو باندی مافیایی تەماشایدەکەن؟

**مەنسور حکمەت:** سەرەتا بائەوە بلیم، ئەمەی کەلەئەوروپا لەو جیگایانەی کەدین هیچ نەخشیکی نییە، لەبەرئەوەیە ئەم شتانەی کەباسمکردن لەسەدەکانی رابردوودا لەبەرامبەریدا ئەنجامدراون. رۆشتوون سەروەت وئەموال ومەوقوفاتیان لیسەندۆتەوە. یاسایان داناوە کەریگانادات مەزهەب دەخالەتبکات لەپەروەردە وفیرکردندا. یاسا دانراوە کەریگای گرتووە لەدەخالەتی دین لەناو ئەحوالی مەدەنی خەلکدا. بەڵام ئەوروپای ئەمرۆ نموونەیەکی باش نییە بۆئەوەی بزانرێ کەدین چییە. دەبێ سەدساڵ بگەرییینەدواوە بۆئەوەی بزانین هەر ئەم دینە چی بەسەر خەلکدا هیناوە! هەرئیستا پاپا ناچاربووە داوای پۆزش بکات بەهۆی هاوکاریی کلیسای کاتۆلیکەوە لەگەڵ هتلەر ودامودەزگایەکی ئینسانسووتاندنەوە کەهەیبوو. لەزۆر جیگا نموونە هەیە. هەرئیستا لەئیرلەندەی سەروو پرۆتستانتەکان بەردەرگای قوتابخانە سەرەتاییەکان دەگرن وخویندکارە کچۆلەکان بەردبارانەدەکەن. تەنانەت بۆمبەکانیان بەسەروچاویاندا دەتەقیننەوە، بەهۆی ئەوەوە کەئەوان کاتۆلیکن وئەمان پرۆتستانتن. دەبێ رووداوەکانی یۆگۆسلاڤیا وئەو کیشمەکیشانەی کەلەوێ هەن تەماشابکرێ. دەبێ سەیری شیشان بکرێ، ئەفغانستان سەرنج بدرێ. بەبروای من دین بەشیوەیەکی گشتی نەخشی هەیە. لەهەندێ جیگا خەلك گوێی دینیان گرتووە ولەسەر جێی خۆی دایانناوەتەوە، وەئەو جیگایانە حالەتی

شارستانیی ومەدەنییان بەخۆیانەوە گرتووە. بەڵام هێشتا وەکو هێزیکی زەخیرە ویەدەك لەوێ مەوجودن. من پەرلەمانی کلیسای مەسیحییەتیش لەئەوروپای رۆژئاوادا ریك هەر لەم چوارچیوەیەدا دائەنیم. بەڵام هەرئیستا ئەو نەخش وئەو بازارگەرمییەی کەئیسلام هەیەتی بۆنموونە لەئیران وئەفغانستاندا وخەریکی ئیسانکوشتنە، مەسیحییەت نییەتی لەئەوروپای رۆژئاوادا. بەڵام نەخشی هەیە لەسەرکوتی ژناندا، نەخشی هەیە لەکپکردنەوەی بیروباوەری ئازادیخوازانەدا. لەبەرگرتن بەنوێبوونەوەدا دەوردەبینێ. وەهیشتاش هەر دەستی لەگیرفانی خەلکدایە. تائیستاش کلیسا بەتووندی دەستی لەگیرفانی خەلکدایە، وەسەرچاوە وداهاتیك کەدەبێ بۆ خۆشبەختی ئینسانەکان خەرجبکرێ، دەیگیرنەوە وخەرجی دەکەن بۆ بلاوکردنەوەی خورافات لەناو خەلکدا. زەرەروزیانی مەسیحییەت بەورادەیە ئاشکرا وبینراونییە کەهی ئیسلام لەئیران وئەفغانستان وعەرەبستانی سعودیدا هەیەتی ودیارە. بەڵام بەئامار وبەژمارە ئەتوانرێ نیشانبدرێ کەکلیسا چ نەخشیکی هەیە. لەهەندێ جیگا کلیسا لەدژی دەولەتە ئیستیبدادییەکان وەرچەرخاوە. بۆنموونە لەئەمریکای لاتیندا. بەڵام ئەوە کلیسانییە کەوەرچەرخاوە. ئەوە ئەو کلیسایەیە کەدەبینێ خەلك مەیلیان بەلای چەپداهەیە، وەلەپیناوی پاریزگاری لەرەونەقی خۆیدا ناچاربووە لەهاوشانی خەلکدا برواتەرێوە. بەڵام هەرکاتێ سەربکیشیتە ناو هەر ناوەندیکی جددی کۆمەلایەتییەوە، ئیسلام ودینەکان لەکەناری چینەداراکانەوە دەبینی، کەخەریکن خەتیان پێدەدەن وئاراستەیان دەکەن بۆ سەرکوت ولەقالبدانی کۆمەڵایەتی.

**ئازەر ماجدی:** ئیوە لەوەڵام بەپسیاری پیشوودا باسی ئەوەتانکرد کەدەبێ دامودەزگاکانی دین بپیچرینەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پیویستە پارە دابنرێ وهیز تەرخانبکرێ. ئەگەر حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری لەدەسەڵاتدا بەشداربێ، وەجمهوری سۆشیالیستی لەئیراندا دامەزرێ، ئەم مەسەلەیە چ شکل وشیوەیەك بەخۆیەوە دەگرێ؟ چونکە ئیوە ووتتان باوەر وعەقیدەی خەلك بەریزن. لەوانەیە ئەمە باش نیشانی نەدات کەمامەلە لەگەڵ مەزهەب وئاخوند ومزگەوتەکان چۆن دەبێ؟ وەلەگەڵ کەسانیك کەباوەریان بەئیسلام هەیە وموسلمانن چۆن؟ ئەم لایەنە بریك رۆشن بکەنەوە.

**مەنسور حکمەت:** بەرای من بیروباوەری شەخصیی ئینسانەکان خۆیان بۆخۆیان بەریزن.

لەوانەیە من ریزدانەنیم بۆ بیروباوەری راسیستیی ونەژادپەرستانەی کەسیك، کەدایناینم. بەڵام مادام خۆی دەیەوێ وابیربکاتەوە وتائەوجێیەش کەئازاری بۆکەس نییە، بیرورای شەخصیی ئەو کەسە خۆیەتی. لەهەرجیگایەکی ئەم جیهانە هەر ئینسانیك ماف خۆیەتی هەرچۆنیك پێیخۆشە وابیربکاتەوە. ریگابەکەسنادرێ لەدنیای داخلیی هیچ کەسیکدا دەخالەتبکات ویاسا پێشیلبکات، وەپێیبلی کەتۆ بۆتنییە بەمشیوەیە بیربکەیتەوە. بەڵام ئەمە بەو مانایەنییە کەئیمە هەوڵنەدەین بۆ گۆرینی بیرکردنەوەی ئەو کەسانە. ئینسان دەبێ ئازادبێ وەبتوانێ لەنیوان هەلبژاردنی بیروباوەرە جیاوازەکاندا خۆی سەرپشکبێ. بەڵام یەك نەخشی بنەرەتیی دین ئەمەیە کەبەزۆر وبەریگای تۆقاندن ودەمارگیریی هەموو بیروباوەر وبیرە ئازادیخوازەکان لەبەرچاوی خەلك دووردەخاتەوە، ولەبەرامبەریاندا یاساکان ژیرپێدەخات. لەکابول تالیبان ویستی ژمارەیەك کەس ئیعدامبکات، تەنها لەبەرئەوەی بانگەوازیان بۆ ئایینیکی دیکەکردبوو. ئەمە ئیستا شتیکی ناشیرن وئیفراتییە لەئەفغانستان. بەڵام ماهییەتی کاری هەموو دینەکان هەرئەمەیە. پەروەردەوفیرکردن کلیلی ئەصلییە. ئەمەی ئینسان پیویستی بەوەنەبێ کەباوەر بەم خورافاتە بکات، وبزانن جیهان شتیکی دیکەیە. بەڵام بەتەنها هەر ئەمە نییە. دەبێ کۆمەلە یاسایەك دابنرێ کەئەم دامودەزگا مەزهەبیانە دەخاتەژیر کۆنترۆلی خۆیەوە. بۆنموونە دەبێ لیکۆلینەوە لەسەر حساب بانکییەکانیان بکرێ وەکو هەر کارگە ودامەزراویکی دیکە. واتە سیستەمی ئیسلامی ومەساجد وئایەتوڵڵاکانیش دەبێ بەگویرەی ئەو یاسایانە بجوولینەوە کەکارگەی بسکیتی ڤیتانا وفابریکەی ئاوگەرمکردنسازی وەیا شەریکەی جگەرەی وینستۆن پەیرەوی دەکەن. بەمجۆرە دەبێ حساباتیان کۆنترۆڵبکرێ وبزانرێ پارەیان لەکوێوە هیناوە وچۆن چۆنیش خەرجیانکردووە! باجیان داوە یا نەیانداوە. دزییان نەکردبێ، فیڵوتەلەکەیان لەدەولەت نەکردبێ، وەپارەیان لەخەلك نەسەندبێ...تد.

ژمارەیەك یاسا هەن کەهەر ئاوا خۆیان دەبنەهۆی داخستنی زۆریك لەدامەزراوە وشوینی دینیی. ئەگەر یاسای پاریزگاریکردن لەگیاندران بەجددی بگرین، دەبێ بەشیکی گەورەی شاعیرانی ئیسلامی بلۆکبکرین، چونکە لەرادەبەدەر توندوتیژئامیز لەگەڵ گیاندراندا رەفتاردەکەن. ئەگەر ئیمە بەرگریبکەین لەمافەکانی منالان بەو یاسایانەی کەشایستەی

مافەکانی منالاّنن، ئەوا بەشیکی زۆر لەچالاکی وهەلسوورانی دینیی دەبیّ رابگیرین، بەوهۆیەوە کەبەتەواوی ناکۆك ودژن لەگەلّ ئازادیی منالاّندا، واتە ئەمە کەمنالاّن مەعصوم وپاریزراوبن لەهەرەشە وتۆقاندن وئەشکەنجەدان وکارەئیجبارییەکان و...تد. ئەگەر بەدرووستی مافەکانی ژنان چاودیریبکەین، دیسان بریکی زۆر لەیاسای مەزهەبی دەبیّ لاببرین. بەم مانایە پیاوە دینییەکان چیتر ناتوانن یاساکانیان پیادەبکەن، ئەگەر لەرووی حقووقییەوە ژنان وپیاوان یەکسان بن لەکۆمەلگادا. سەرجەمی یاساکانی خیزان وزەواج وتەلاّق وئیرس ومیراسیك کەئیسلام دایناون، دەبیّ لەکاربخرین وبخرینەلاوە، لەهەرشوینیك هەر کەسیك بخوازیّ تەرحیانبکات. چونکە لەگەلّ یاسامەدەنییەکاندا دەکەونە خیلافەوە. ئەمەویّ بلیم، ئەگەر بەرگریبکەین لەمافە مەدەنییەکانی ئینسان، بەشیکی زۆر لەمەزهەب لەناودەچیّ. وەئەگەر بەرگریبکەین لەزانست وئازادی ئەندیشە بەشیکی دیکەی دین پاکدەبیتەوە. لەکۆتاییدا ئەگەر 250کەسیك لەوولاّتیکی 60ملیۆنیی وەکو ئیراندا هیشتا لەسەر ئەو باوەرەبن کەبەلی،رۆژی مەحشەریك هەیە وپینج کەرەت لەرۆژدا دەبیّ نویژ بکریّ وئەگەر نەکریّ فلاّن دەبیّ وحەتمەن دەبیّ هەر چەندوەخت جاریك مەریك سەرببریّ چونکە زەمانیك ئیبراهیم خلیل ویستبووی منالەکەی خۆی بکاتەقوربانی، ئارەزووی خۆیەتی! لەم چەشنە مرۆڤانە سەیرتریش هەن لەدنیادا. بەلاّم چیتر ئەمانە نابنە یاسای کۆمەلاّیەتی وسەرئیشەش بۆ کەس پیشناهینن. تەنانەت خودی ئەمجۆرە ئینسانانە کەباوەریان بەم خورافاتانە هەیە، رەفتاریك لەگەلّ خیزان ومنالەکانیاندا دەکەن کەنەك لەمافەمەدەنییەکانی ئەوانەوە سەرچاوەناگرن، بەلکو لەئایین ودەمارگیریی ئەم ئینسانانەوە مایەدەگرن، بۆیە دەولەت دەچیّ پیشیان پیّدەگریّ. من بروام بەوەنییە کەلەبەرامبەر ئیسلامدا توندوتیژیی بەکاربهینریّ. هەروەك چۆن بروام بەوەشنییە کەلەبەرامبەر مەسەلە کۆمەلاّیەتییەکانی دیکەشدا توندوتیژیی بەکارببریّ کەلەکۆمەلدا مەوجودن. بەلاّم باوەرم بەوە هەیە کەیاساکان وهوشیارکردنەوە بەلیکهەلپیکراویی دەتوانن دەرگاری ئیسلام قفلّبکەن. بۆنموونە سەرۆکی کلیسای بەریتانیا رایگەیاندووە کەوەزعی مەسیحییەت خراپە، وەچیتر کەس گویّی لی ناگریّ. بۆچی؟ چونکە خەلك پیویستیان پیّی نییە. وەهیزیشی بەدەستەوە نەماوە.